# پرۆسەی بە ئاگا هێنانەوە ، هەوڵێك دوور لە جددییەت

جەمال پیرە

دەشێ لە دوای کارەساتی یازدەی سێپتەمبەرەوە پێمانوابێ کە ئاراستەی بیرکردنەوەی کایەکانی رووناکبیری دونیا خۆی لە دەسپێکێکی ترەوە دەبینێتەوە و لە دوای خۆیشیدا مێژوو و یادگاری و ئەزمونێکی دوورو درێژی جێهێشتووە کە بەردەوام شایانی ئەوەن و بە کردەوەش بۆ زۆر حاڵەتی نوێ ی بینینەوە بۆی بگەرێینەوە ، هەڵبەتە کە باس لە گۆڕانی قۆناغی دەستگرتن بە ئاراستەیەکی نوێ دەکەم بە هیچ شێوەیەك مەبەستم دیواربەندکردنی قۆناغی کۆن‌و نوێ نییە بەو مانایەی کە دابڕانێکی بنەبڕ بێتەکایەوە ، دیارە گۆڕانکارییەکان خێران ، سەرسام‌و کاریگەریشن ، تەنانەت لە ئاستی گەشەی هزری کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا نین‌و هەرگیز ناشتوانن ئەوەی کە دنیای نوێ‌و گۆڕانەکان دەیانەوێ هەرس بکەن ، لە راستیدا ئەم حالەتە خۆی لە خۆیدا دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە بەهایەکی تایبەت بە دیاردەکان بدەین ، وێڕای ئەوەی کە دەبێ دەست بە پڕۆسەی بەردەوامییانەی وریا کردنەوە بگرین ، لانیکەم کەسێك بین هەست بەم حالەتە بکەین ئەگەر نەشتوانین کاراکتەرێکی ئاکتیڤی گۆڕان بین ، بەلاّم لەو دەفرەی زیندەگیی خۆماندا کە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییە بە یەکەوەمان دەبەستێتەوەو تیایدا پەروەردەو گەورە کراوین ، هیچ رێگەیەکی تر شك نابەین ئەگەر بەدواداچوون‌و بە ئاگاهاتنەوە نەبێ ، دەرپچەیەك نادۆزینەوە بەرەو ئاسوودەبونمان ببات ئەگەر نەتوانین ئەوەی کە رۆژگار دەیەوێت ئەو بین ، بۆیە دەکرێ پێمانوابێ کە بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵ هەموو کاتێ یەکێ لە ئەولەویاتەکانی گەشەی عەقڵی مرۆڤە ، لەو سۆنگەیەشەوە کە (عەلی وەردی ) بۆمان باسدەکات (عەقڵی هیچ مرۆڤێك گەشە ناکات لەو چوارچێوەیەدا نەبێت کە کۆمەڵگا بۆی دروستکردووە ) تەنها رێگەچارە ئیشکردنە لە سەر کۆمەڵ ، هەڵبەتە بەشی هەرە گەورەی بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵیش لە ئەستۆی رووناکبیران‌و بەئاگایاندایە ، وەك دەرکەوتووە لەم مەملەکەتەی خۆماندا لە نێوان بە ئاگاو بێئاگایاندا بەردەوام بۆشاییی‌و کەلێنێکی گەورە هەبووە ئەم کەلێنە گەورانە پێویستیان بە پڕکردنەوە هەبووە ، بە ئاگا هەرگیز نابێ لە بورجی عاجەوە سەیری بێئاگا بکات ، بە مانایەکی دی دەبێ لە سەرەتاوە باوەڕ بەوە بهێنین کە هەموو لایەکمان بەر لەوەی بە هیچ شتێکی تر ناوزەد بکرێین مرۆڤین . کەواتە هەر دوورکەوتنەوەیەکی ( بەئاگا ) لە زۆرینەی خەڵك خۆی لە خۆیدا بێئاگاییەکی کوشندەیە ، ئێمە لە سادەیی‌و روح سوکییەوە نەبێ نە ئەتوانین ئەوەی کە پێمانە بیگەیەنین نە هیچی تر بخەینە سەر ئەوەی کە پێمانە ، لێرەدا مەبەستم ورووژاندنی ئەو پەتایەی خۆبەزلزانینی رووناکبیرانە کە زۆر جار لێرەو لەوێ هەستی پێدەکرێت .

ئەوەی تایبەت بێ بە کایەی رووناکبیری کوردییەوە وایدەبینم کە لە دوای روخانی سەدامەوە خەریکە بگەینە ئەو بڕوایەی کە بلێین روناکبیری کورد هەڵگری گوتارێکی وەها نییە شایانی ئەوە بێ هەڵوەستەی لە سەر بکرێ

، زۆر جار هەستدەکەیتو بە خەیاڵتا دێت کە هیچ جیددیەتێکی پێ نییە بۆ گوتن بەڵکو ئەوەی کە هەیەو باسی لێوە دەکرێت هەمان نەفەسی دەساڵەی رابردووە ، لە کاتێکدا دەبوو نەفەسی روناکبیریش هاوشانی گۆڕانکاریو نوێبونەوەکانی تر خۆی نوێ بکردایە ،نەبوونی ستراتیژیایەك بۆ گوتن بەو مانایەی کە هەم هەڵگری رۆحیەتە رەخنەییەکەی خۆی بێ هەمیش کارا بێ کەوەی کە زوو شوێنو پێگەی کاریگەر بوونی خۆی قایمتر بکات ، خۆی لە خۆیدا گرفتێکە پێویستی بە لالێکردنەوە هەیە ، ئێمە لە بەردەم تەوژمی بەهێزی هەرسکردنی گۆڕان و بێتوانایی خۆمان لە دەرەنجامی بە فیرۆچوونی کاتێکی زێڕینی ئەوتۆ لە رابردوو بەردەوام لە حاڵەتی ناهاوسەنگیدا خۆمان دەبینینەوە ، لە راستیدا رەشبین نیم لە چارەسەر بەلاَم لەوە بە گومانم کە لێرەوە دەمانەوێ زۆر بە خاوی هەنگاو بنێین .

لە سەر ئاستێکی تری گرفتەکانیدا پرۆسەی وشیار کردنەوە بێ بوونی مەرکەزییەتێکی تۆکمەی فیکریی یا ئاراستەیەکی سەلیم ئەو هێزو گوڕو تینەی نابێ کە بتوانێ راستەوخۆ لە کورتترین ماوەدا زۆرترین ئەرکی بە ئاگاهێنانەوە بەجێبگەیەنێ ، ئەو مەرکەزییەتەی من لێردا مەبەستمە مەرکەزییەتێکە هەلێنجراوی بیرۆکەی پلورالی کولتوری بێت بەو شێوەیەی کە لە لایەن هیچ باڵ وپێکهاتەیەکی سیاسی ، کۆمەلایەتیەوە دەستی بەسەر دانەگیرابێ ، وزەی قایلکردنێکی هەمە لایەنانەی هەبێ ، لەو ئاستەدا بێ بتوانێ حسابێکی وردی تاڵیو سەرگەردانی رابردووە نەشیاوەکەی بەیەکەو ژیان بکات ، لە بڕیاردا دەست بە مکوڕبوونی وەزیفە بنەڕەتییەکەیەوە بگرێ ، شەق لە مەحاڵ بداتو هەمیشە بیر لەوە بکاتەوە کە بەڵێ بە کردار ئێمە بەردەوام لە قەیرانێکی بەجێماندایین ئەگەر ئەو ستێپە زەرووریانەی کە لە سەرەوە باسم لێوە کردن تەندروستانە نەیبڕێ ناکرێ هاوشانی گۆڕانو پێشکەوتنەکان بڕوات ، هەمیشە دەبێ ئەوەی لە خەیاڵدا بێ کە لە ئێمە بە ئاگاترهەیەو پێویستیمان بە ئاگایی زیاتر هەیە ، دیارە ئەم نالەبارییەی پەرشوبلاَوی بڕیاری بە ئاگاهێنانەوە فەوزایەکی سەرلێشێواوانەی بەدوای خۆیدا هێناوە ، لە راستیدا ئەتوانم بلێم زۆرینەمان هەستی پێدەکەین بەلاَم کەممان لە هەوڵی بەیەککردنی خەمەکانو بیرکردنەوەیەکی جیدییانەی چارەسەر داین ، بەردەوام ئەگەرو مەترسییەکان لە بەرچاوماندا لێڵنو نایانبینین ، هەقە تا زووە لێیبکۆڵرێتەوە . چونکێ لەحزەیەك لە دواکەوتن بۆ چوونە نێو ململانێ ی گۆڕانەکان زەرەری زەبەلاح بە دوای خۆیدا دێنێ ، بە پێچەوانەشەوە پەلەکردن لە پێناو فریاکەوتنی تەوژمەکانی گۆڕانیش رەنگە زۆرترین کەلكو سودمەندیمان بۆ بێنێو ئاسودەترین لەحزەی ئایندەشمان بۆ برەخسێنێ ........